# پاولۆس

نهێنی گەڕانەوەی لەناکاوی فەلسەفەی هاوچەرخ (سلاڤۆی زیزک , جۆرجیۆ ئاگامبێن و ئالێن بادیو) بۆ پاولۆس

**ئازاد حەمە**

## – بەشی یەکەم–

دەروازەیێک:

لەم سالانەی دوای چەند بیرمەندێ ڕۆژئاوایی, چەند فەیلەسوفێکی کۆنتنێنتال, بە خەزێنەیێ فەلسەفی ماتریالی و ئیێتەیستی (ئیلحادی) و شێوەهزرێ سیاسی ماوی یان لینینی و ئەنتی فاشیستی و ئەنتی کاپیتالیستی (دژە سەرمایەداری) و ئەنتی – نیچەیی و ئەنتی – پۆست مۆدێرن و هزر ئەفلاتوونی لەناکاو, و بەڕێکەوتێ بەوەدەچێ پێویست , گەڕانەوە بۆ سەر پاولۆس ( سانت پۆل ) , بە قەولی خۆیان بۆ سەر هزری ئاینی و تیۆلۆژی (لاهوتی) ئەم پیاوە بیریارە. ئەگەرچی هزرە ئاینی و تیۆلۆژیەکە لەلایەن ئەو پۆلە فەیلەسوفەوە (سلاڤۆی زیزک, جۆرجیۆ ئاگامبیێن و ئالێن بادیو) پتر بەر بەکاربردنێ سیاسیانە کەوت تا فەلسەفیانە بەلام ئەم گەڕانەوەیە مانای فەلسەفیشی لەژێرەوە هەر هەبوو چونکە گەڕانەوەکە لەلایەن فەیلەسوفەوە بوو نەک لەلایەن سیاسییەوە هەروەها بۆسەر ئەوشتەش بوو کە پێیدەلێن تیۆلۆژی (لاهوتیات , ئەو زانستەی لە ئاین دەکۆلێتەوە). بەمجۆرە گەڕانەوەکە وەرچەرخاندێ بوو لە هزری ئاینی و تیۆلۆژی هاوچەرچ. چونکە ماوەێ زۆربوو فەلسەفە , بەهۆی موغامەرە فەلسەفیە دژە–تیۆلۆژیەکانی نیچەوە, لە تیۆلۆژیا و ئاین ڕەنجابوو بەلام ئەم گەڕانەوەیەی ئەم سێ فەیلەسوفە کۆنتنێنتالە ڕۆژئاوایە, کە هەریەکەیان سەر بە ڕەوتێ فەلسەفین (فەلسەفەی چیکی, فەلسەفەی ئیتالی و فەلسەفەی فەڕەنسی) , دۆستایەتی نێوان فەلسەفە و ئاینی تائەندازەێ گەڕانەوە شوێنی خۆی. گەڕانەوەکە کە نە ئاینی بوو و نەش تیۆلۆژی مەغزاێ فەلسەفی بەرینی بۆ دۆزینەوەی هزرێ ڕادیکالانەی سیاسی هەبوو., خۆی هەر ئەوەش بوو نهێنی گەڕانەوەکە. واتە, لەڕێگای ئەم گەڕانەوەیەوە بۆ پاولۆس گەلێ واتا: وەک خود, ڕووداو, ئەلبەتە ڕووداوی شۆڕشگێڕانە, تاکگەری, ڕاستی و گەردوناوی تادەگاتە زەمەنی کەهنووتی و تەبشیر و دۆزیش, ئەلبەتە دۆزی سیاسی کە ڕووداو دروستدەکا, بەرباسکەوتن. هەروەها ئەم گەڕانەوەیە لەگەلێ ڕووی فەلسەفیشەوە دەرگای خستەسەرپشت بۆ توێژینەوەی فەلسەفی شێوە تیۆلۆژی سێکولاریستئامێز کە پاولۆس وەک کەسێ , یان تاکێ, مێژووی و یان بیرمەندێ کەهنووتی و پارێزەری پەیامێ نیشانبدرێ. نووسەرەکان کە گەڕانەوەکانیان ئەنجامداوە (بادیوی فەڕەنسی و ئاگامبینی ئیتالی و زیزکی سلۆڤێنی) هەرهەموو فەیلەسوفن نەک تیۆلۆژیست (لاهوتی) , ئێتەیستن (بێئیمانن, مولحیدن ) نەک ئاینی هەروەها ئونڤێرسالیستن (گەردووناوین) نەک پۆست مۆدێرن و مولتیکولتورالیستێ ڕێژەگەر و ئەلبەتە ناشیانەوێ نیچە ئاسا ڕەفتار لەتەک نە پەیامەکەی پاولۆس دا بکەن و نەش خودی ئاین. بەمجۆرە ئەوی ئەم سێ فەیلەسوفە لە توێژینەوەکانیانا کاریان بۆکرد فەلسەفەێ ئاینی لێدروست نەبوو بەقەدئەوەی فەلسەفەێ سیاسی, سیاسیێ ڕادیکالانە, سیاسیێ شۆڕشگێڕانەی لێبەرهەمهات. بەواتاێتر , هەولی ئەم فەیلەسوفانە , و بەتایبەت زیزک و بادیو , بۆ لەئاینخستنی پاولۆسە و بردنەوەیەتی بۆباوەشی فەلسەفە و بیریاریی و زمانەوانی هەروەها خستنەڕووی پاولۆسیش وەک ""بیرمەندێ خودگەرا"" (سوبژێکتیڤ) و تاکێ شۆڕشگێڕی ئێتەیست (بادیو ووتەنی)

و ئەنتی- سەرمایەداری. هەروەها لەبڕی ئەوەی ئاین یان تیۆلۆژیا ببێ بە سەرچاوە بۆ گەڕانەوە و بو خوێندنەوەکانی ئەم سێ فەیلەسوفە ڕۆژئاواییە ئەوا فەلسەفە, شیکردنەوەی دەروونی, سیاسەت , سیاسەت وەک بوارێ بۆ هزراندن, زمانەوانی و ئێتمۆلۆژی (ڕیشەی وشەزانی) بوون بە سەرچاوە.

کەوابێ ئەم کورتە نووسینەی ئێمە توێژینەوە لەم گەڕانەوەیە دەکا بە مایەی ووتنی. بەلام ئەوی ئامانجە لەم نووسینە گێڕانەوەی گەڕانەوەکە نییە بەلکو خستنەژێرپرسیاری ئەو گەڕانەوەیەیە. ئەو پرسیارانەش لە دووتوێ ئەم نووسینە کاریان لەسەردەکرێ بەشێکیان لەمانە بریتیدەبن. یەکەم پرسیار بەمجۆرە خۆی دادەڕێژێ: بۆ گەڕانەوە بۆ پاولۆس؟ ئەم پرسیارە لەخۆیدا پشکنینێکە یان گەشتێ فەلسەفییە بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو پێویستی و مەرامەی لە پشت ئەم گەڕانەوەیەدا ئامادەیە. دووەم پرسیار کە بووە بە مەراق بۆ ئەم نووسینە و لەو سەرەتا فەلسەفیەش خۆیوالادەکا کە بۆ نووسینەکە ئامادەدەکرێ ئەمەیە: ئایا گەڕانەوەکەی ئەم سێ بیرمەندە بۆ پاولۆس بۆنی جۆرە کۆششێ ئەنتی نیچەیانەی لێنایێت؟ هۆی ئەوەی بەمجۆرە پرسیاری دووەم دادەڕێژین بۆئەوە دەگەڕێتەوە نیچە لە نێوەندی ئەکادیمی فەلسەفی و تیۆلۆژی ڕۆژئاوا وەک دوژمنی سەرسەختی پەیامی ئاینی پاولۆس هەروەها وەک تێکدەری پێوەندی نێوان فەلسەفە و ئاین(تیۆلۆژیا)ش تەماشادەکرێ. هەرچی سێهەم پرسیارە کە بۆ ئەم نووسینە مەبەستە گەشتی بەنێوابکا ئەمەیە: پاولۆس چ هزر و چ دیدێ فەلسەفی پێیە کە دەکارێ بەو فەیلەسوفانەی ببەخشێ دەگەڕێنەوە سەری؟ ئەمە لەکاتێکا ئەو بیرمەندانەی (زیزک, ئاگامبێن و بادیو) دەگەڕێنەوە سەر پاولۆس پێوەندیێ ئەوتۆیان لەتەک بیری ئاینی یان چاترە بێژین تیۆلۆژیا (لاهوتناسی) نییە. چونکە ئەم بیرمەندانە بەڕەچەلەک هەلگری بیر و ئەندێشەی فەلسەفی نا- لاهوتی و عیلمانی و تەنانەت بیرهاێ سیاسی چەپیشن, بۆنموونە زیزک پۆست مارکسیستە و لاکانناسێ سیاسیشە و بادیوش هیواێ گەورەی بە شۆڕشی بەلەشەفی و شۆڕشی کولتووری ماو بووە و هەرچی ئاگامبینە نیو- مارکسیستێ ئیتالیە لەسەر ڕەوتی فوکۆ و جوانکاریناس و مافناسێ بەتواناشە.. باشە ئەی بۆ گەڕانەوە بۆ پاولۆس و بۆ پرسیارە لاهوتیە ئەبەدیەکان؟ ئەمەیان دواتر ڕوونکردنەوەی بۆدەکرێ بەلام دوا و چوارەم پرسیار کە بۆ ئەم نووسینە کورتە بووە بە ئامانج بۆ توێژینەوە ئەوەیە کە ئەم جۆرە گەڕانەوە و توێژینەوە فەلسەفیانە بۆ ئێمەی کورد چ فێربوونێ بەدەستەوە دەدەن؟ ئێمە لێرە گلەیێ زۆر لە نووسینی ئاینی یان بابلێین تیۆلۆژی (لاهوتی) کوردی دەکەین کە توانا و ئامادەبوونی لە پلەی سفرە. نێوەندی ئەکادیمیمان کە تابلێی کۆلاپساویە (داڕماوە) شوێنی پۆلی تیۆلۆژی تیایا وونە و , ئەمەو ئەم نێوەندە ئەکادیمیە لەبەرئەوەی کەموکوڕێ لەڕادەبەدەر ئێپستمی (مەعریفی) هەیە و لە هزراندن بوەتەوە توانای ئەوەی نیە هیچ پردێ لەنێوان ئاین لەلاێ و ئەوەی پێیدەلێن توێژینەوەی ئێپستمۆلۆژی و ئۆنتۆلۆژی لەلاێ دی دامەزرێنێ. هەروەها ئەوەش کە جێی بایەخی نێوەندی ڕۆشنبیری ئیسلامی کوردی نییە ئەوەیە توێژینەوەی (دیراساتی) تیۆلۆژی شوێنی تێرامان نییە و دروستکردنی پردیش لەنێوان ئاین و فەلسەفە یان ئاین و هزراندن شتێکە لە زۆنی فەرامۆشیدایە.

کەواتە هەندەسەی ئەم نووسینە بەمجۆرە دەستپێدەکا. سەرەتا ئەوە ڕووندەکەینەوە پاولۆس ( یان سانت پۆل) کێییە؟ لەڕێگای ئەو پرسیارەوە ئەو لایەنە ڕووندەکەینەوە کە بۆ گەڕانەوە بۆ پاولۆس؟ واتە تەوەرەی یەکەم ,کە گەلێ کورت و چڕە , بۆ ڕوونکردنەوەی کەسێتی پاولۆس تەرخاندەکرێ کە ئامانجلێی ناساندنی پاولۆسە و دواتر دێینە سەر ناواخنی نووسینەکە و ئەوەش لەڕێگای کارکردن لەسەر وەلامدانەوەی پرسیارەکانی تر کە هەریەکەی تەوەرێ دێنێتەکایەوە. بۆنموونە تەوەرەی دووەم بۆ وەلامدانەوەی پرسیاری دووەم تەرخاندەکرێ واتە بۆ قسەکردن لەسەر ئەو داڕمانە فەلسەفیەی هاتە سەر پێوەندی نێوان ئاین و فەلسەفە پاش نیچە. لێرە نیچە بەوە تاوانباردەکەین فەلسەفەی لەوەدرووخستەوە قسەبێنێتەپێشەوە لەسەر ئاین, باوەڕ , یەزدان و هەروەها پرسیارە ئاینییە ئەبەدیەکان کە سروشتی ئەبەدی مرۆڤیش ڕووندەکەنەوە و ,تەوەرەی سێهەمیش بۆ وەلامدانەوەی

پرسیاری سێهەمی نوسینەکەمان بەکاردەبەین. کەواتە ئامانجی گەڕانەوەکەی ئەم سێ بیرمەندە هاوچەرخە ( واتە زیزک , بادیو و ئاگامبێن) بۆ پاولۆس لە تەوەرەی سێهەم دەبێ بە بابەتی نووسینەکەمان و ئەم تەوەرەیە خۆی وەک بنەڕەتیترین تەوەرەی نووسینەکەش نیشاندەدا چونکە لەم تەوەرەیەدا هزراندنی فەلسەفی ئەم سێ بیرمەندە ڕۆژئاواییە تایبەت بە بیری ئاینی پاولۆس بەرباسدەخرێ. هەرچی تەوەرەی چوارەمە ئەوا بۆ ڕوونکردنەوەی پرسیاری چوارەم بەکاردەبرێ. واتە لەم تەوەرەیەدا گفتووگۆی ئاستی نووسینی لاهوتی لە نێوەندی ڕۆشنبیری کوردی , کە پێمانوایە لەپلەی سفرەدایە, دەکەین. لێرە ئەوەش ڕووندەکەینەوە کە ڕاستە لەناو ئێمەی کورد لاوازی توێژینەوە یەکێکە لە ڕووە دیارەکانی نێوەندی ڕۆشنبیری و نێوەندی ئەکادیمی کوردی بەلام خودی ئەوەی پێیدەلێن توێژینەوەی تیۆلۆژی و ئاینیش لەناو ئێمە هیچ گروندێ ئەکادیمی و ڕوناکبیری نییە بەلکو ئەوەی هەیە کۆمەلێ نووسینی سیاسیانەیە کە لەژێر ناونیشانی""ئیسلامی سیاسی "" دەنووسرێ جا ئەوە بەرەی پێنووسی ئیسلامخوازەکان بێ یان دژەکانیان , هەرهەموو لەلایێ تێکدەری ئاگایی سیاسی ئیسلامین , چونکە خودی ئیسلام و بیری ئاینی تاریک و قەترانی دەکەن, و لەلایێتریش گێژەن و ئاژەوەی سیاسی دروستدەکەن نەک گفتووگۆی هزری.

## تەوەرەی یەکەم: پاولۆس کێییە؟

ئەم ناوە, واتە پاولۆس, گۆیە یۆنانیەکەیە کە تائێستاش بەکاردەبرێ. بەلام لە زمانە کانیتر گۆکردنەکەی جیایە. بۆنموونە لە زمانی سویدی بە پاولۆس گۆدەکرێ بەلام لە ئینگلیزی و فەڕەنسی بۆنموونە وەک پۆل یان سانت پۆل ناوزەد دەکرێ و لە ڕووسیش بە ئاپۆستۆل پاڤل بانگدەکرێ. بەلام ئێمە لەمیانەی نووسینەکەمان پاولۆس بەکاردەبەین. بەلام بابزانین پاولۆس (یان سانت پۆل) بەخۆی کێییە؟ پاولۆس کە لە سالی 10 لەدایکبووە پەیامنێرێ مەسیحی و گەڕیدە بیریارێ تیۆلۆژییە و لەسەر ئەو پەیامەی دەستیدایێ بلاویکاتەوە , کە پەیامێ مەسیحیگەرا بوو, لە سالی 67 ی میلادی, لە ڕۆما و لەسەردەمی نێرۆس فەیسەری ئەودەمە لە قەنارەدرا. لێرە نابێ ئەوەش لەبیرکەین ئەم لاهوتیە یەکێکە لە نووسەر و ڕوناکیبیرانی ""وەسیتنامەی نوێ"" ی مەسیحی. ئەم بیرمەندە مەسیحییە کە دوو ناو بووە بنەمالە جووەکەی کە ناوی ""ساولۆس""(یان سۆل)یان لێناوە پاشهەلگرتنەوەی پەیامی مەسیحی ناوی پاولۆس (سانت پۆل) ی لێدەنرێ. ئەم پیاوە لاهوتییە لە سەرچاوە تیۆلۆژیەکانا وەک پاولۆسی خەلکی تارسۆس بانگدەکرێ چونکە شوێنی لەدایکبوونی تارسۆس بووە کە ئەو دەمە تارسۆس دەکەوتە سیسیلای ئەوکاتەوە و تورکیای ئەمڕۆ دەکا. هەروەها زۆربەی سەرچاوەکان پێداگیری لەسەرئەوەدەکەن پاولۆس بەخۆی ڕیشەێ جووی تێدا بووە بەلام لەگەل ئەوەی کە خولیای بلاوکردنەوەی پەیامی مەسیح دەبێ و خوێنی مەسیحی لە لەشیا دێ و دەچێ لەوەدەکەوێ ئاینی جوو بەسەریەوە کاریگەربێ. لەگەشتێکیش بۆ دیمەشق , کە بە گەشتەکەی پاولۆس بۆ دیمەشق بەناوبانگە, بۆ بەسەرکردنەوەی کاروباری سیناگۆگەکان لای دیوارەکانەوە چاوی بە نوری عیسا دەکەوێ و کتوپڕ دەکەوێتەسەر زەوی و بینایی لەدەستدەدا و گوێلێدەبێ دەنگێ قسەی بۆدەکا (ساولۆس , ساولۆس بۆ دوامکەوتووی؟) ئەمیش (واتە پاولۆس ) لە دەنگەکە دەپرسێ""تۆ کێ ؟ ئەویش دەلێ: من عیسا م , ئەو کەسەی تۆ دوایکەوتووی"" پاولۆسیش لە وەلاما دەلێ چیتدەوێ ئەمیش (واتە مەسیح) پێیدەلێ"" هەستە سەرپێێ و بڕۆ ناو شار ئەو کات دەزانێ چی پێویستە بکرێ"" بەلام پاش ماوەێ کورت دێتەوە هۆشی خۆی و بینای بۆدەگەڕێتەوە و ئەوانەش کە لەو سەفەرە لەتەک پاولۆس دەبن شایەتی لەسەر دەنگەکە دەدەن بەلام کەسەکە نابینن. ئەمە کە بە قەولی ئالێن بادیو ڕوودواوە , کە پاشان

دێینەوە سەری, مەسەلەی مەسیحیبوونەکەی پاولۆس بەبێ ئەملاوئەولا لەسەر ئەم ڕووداوە وەستاوە. زۆریشی پێپێناچێ پاولۆس و هاوکارەکانی ڕێکای دیمەشق دەگرنەبەر. لەوێ پاولۆس,کە هێشتا هەر ناوی ساولۆسە, واتە ناوە جوەکەی پێوەیە, خەریکی بلاوکردنەوەی پەیامی مەسیحی دەبێ و عیساش وەک کوڕی یەزدان ناوزەددەکا. هەر دوای ئەو ڕووداوەش کە باسمانکرد کە ناوبراو لە ساولۆسەوە دەکا بە پاولۆس , واتە لە جوەوە بە مەسیحی, و بە داکۆکیکەرێ گەورەش لە کلیسەی مەسیحی و باوەڕی عیسا قینی جووەکانی دیمەشق لەڕادەبەدەر هەلدەستێنێ بۆیە دیمەشق بەجێدێلێ و لەگەل هاوڕێکانی ڕوو لە ئوروشەلیم دەکا. ئەمە بەخۆی شێوەدەستپێکردنێ سەخت بوو چونکە ئەو شێوە دەستپێکردنەی پاولۆس و هەروەها ناوگۆڕینەکەشی لە ساولۆسەوە بۆ پاولۆس کە بۆخۆی بریتی بوو لە گۆڕینی ئاینەکەی بە ئاینێ تر لەوەدابوو لە دیمەشق خوێنی بخاتە کاسەوە. جووەکان, ئەوانەی پێشتر پاولۆسیان دەناسی, ئەلبەتە وەک ساولۆس و وەک کوڕی بنەمالەێ جوو, سەیریان پێدەهات کە ساولۆس باس لە عیسا دەکا و ئەمجار وەک کوڕی یەزدانیش لەقەلەمیدەدا بۆیە چاویان بەراینەدەهات ساولۆس ببینن بووە بە مەسیحی و ئەمجار ناویخۆشی بۆ پاولۆس , بۆ ناوێ عیسای , گۆڕیووە.ئەمە کە ژیانی خستە ژێرمەترسیەوە وایلە پاولۆس کرد لە ترسی جووەکان ئوروشەلیمیش جێبێلێ و بگەڕێتەوە شوێنی لەدایکبوونی( واتە تارسۆس, کە ئەمڕۆ دەکەوێتە ڕۆژهەلاتی ناوەندەوە , یان تورکیای ئێستا دەکا).

پاولۆس پاش ئەم ڕووداوە , کە دواتر لەڕوانگەی فەلسەفیەوە دێینەسەری, دەبێ بە بوێژەرێکی توندی مەسیحی و گەڕیدە ئاینیێ کە ئامانجی بنەڕەتی ناساندنی بیرۆکە ئاینیەکانی عیسا دەبێ و تەنانەت هەندێ لەم ڕووەوە بە کۆپی دووەمی عیساشی دەزانن. گرینگیش لەم بوێژەرەییەی پاولۆس ئەوەیە ئەم پیاوە پێیوابووە تیۆلۆژیای مەسیحی برتییە لە باوەڕکردن بە عیسا هەروەها بە دادپەروەری عیسا و بەس. ئەلبەتە پاولۆس ئەوەی کە عیسا دادپەروەربووە بۆ ئەوەی دەگەڕێنێتەوە کە ئەم لایەنە پێوەندی بە باوەڕی عیساوە هەبووە بە یەزدان ئەم باوەڕەش وەکیتر سەرچاوە لەو دیتنە تیۆلۆژیەوە هەلدەگرێ کە یەزدان تەنیا لەڕێگای باوەڕەوە مرۆڤەکان جیادەکاتەوە نەک شتێتر. بۆیە باوەڕهێنان بە یەزدان بۆ عیسا و تەنانەت بۆ پاولۆسیش مەسەلەێ بنەبڕ و زێدەبایەخداربووە. وەلی بلیمەتی و دانایی پاولۆس , کە خۆی لەو هزرە ئاینییەدا قەتیسدەکا کە پاولۆس هەلگری بووە, بۆ گەلێ لە نێوەندە تیۆلۆژیەکان بۆ ئەو نامانە دەگەڕێندرێتەوە لە ماوەی سالانی 50 و تاکاتی مردنی نووسیوونی. بەواتاێ تر, پاولۆس لەنێوەندی تیۆلۆژیی ڕۆژئاوا بە ئێپیستلەکانی (نامە ئیجیلیەکانی) ناوادارە, کە ئەوەش بریتییە لەو نامانەی (نامە بۆ ڕۆمانەکان, نامە بۆ کۆرینتیانەکان, نامە بۆ ئێپێسیانەکان. نامە بۆ گەلاتیانەکان ,و....هتد) پاولۆس بۆ کلێسە جۆراوجۆرەکانی نوسیووە کە لە بنەڕەتدا باشترین سەرچاوەن نەک هەر بۆئەوانەی بیانەوێ لە هزری تیۆلۆژی ئەم پیاوە بگەن بەلکو لەوەش بگەن کە پێیدەوترێ ""وەسیەتنامەی نوێ"" چونکە هەر خودی ئەو نامانە دواتر بوون بە بناغە بۆ ""وەسیەتنامەی نوێ"". هەر لێرە بائەوەش بلێین, نامەکانی پاولۆس یان فێربوونە تیۆلۆژییەکانی کاریگەرێ مەزنی بەسەر نووسەرانی وەسیەتنامەی نوێشەوە بەجێهێشتووە و زۆربەی ئەوانەش کە پەرەیان بە هزری مەسیحی داوە (بۆنموونە ئاگوستینۆس, لۆتەر, کالڤن....هتد) پاولۆس بە سەرچاوەێ گەورە دەزانن. چونکە ئەوانەی سەرگەرمی دیتنی ئاینی و تێگەیشتنی یەزدانین لەو نامانە بیریاریێ تیۆلۆژی بەدیدەکەن کە زۆربەیان بە زمانێ سادە و سۆزئامێز و ڕەوانبێژی نووسراون* و تەنانەت هەندێ لە سەرچاوەکانیش باس لە جۆرە لادانێکی پاولۆس دەکەن لە هەندێ لە فێربوونەکانی عیسا. بەهەرحال ئەو مەسیحیەتەی ئەمڕۆ لە ڕۆژئاوا هەیە لەگەلێ ڕووی تیۆلۆژی و هزرییەوە بۆ وانە و فێربوون و نامەکانی پاولۆس دەگەڕێتەوە یان هەندێ لە ڕوناکبیریە ئاینی و تیۆلۆژیستە مەسیحیەکان بۆئەوە دەچن گەر پاولۆس نەبایە هزری ئاینی مەسیحی بەم ئاستە تیۆلۆژیەی ئەمڕۆ نەدەگەیشت. لە نامەکانی ,

بۆنموونە وەک ڕۆمەرەکان, فیلیپەر و گەلاتەرەکان, گەلێ شتی ڕۆحی و یەزدانی بەرباسدەخا کە تاهەنووکەش بۆ فەیلەسوف و تیۆلۆژەکانی ڕۆژئاوا بابەتی گفتووگۆن. لەڕێگای ئەم نامانە و نامەکانی تریشی مەسیحیەت وەک شتێ دێنێتەبەرباس کە شوێنێکە بۆ لەئامێزگرتنی گشت کەسێ بەلام ئەم ئەمە لەڕێگای خستنەڕووی باوەڕەکانی عیساوە دەکا چونکە پاولۆس لە زۆربەی نامەکانی باس لە یەزدان و خولقان و شتە باشەکان دەکا. هەر ئەو نامانەش یان چاترە بلێن ئەو ڕاڤەکردن و مانایانەی لە نامەکانا هەن بوونە بە سەرچاوە بۆ گفتووگۆی فەلسەفی گەلێ لە بیریارانی ڕۆژئاوا جا ئەوانە مەسیحیبن یان جوو. ئەلبەتە هۆی گەڕانەوەی ئەو سێ بیرمەندەش , کە ئێمە لایسەرەوە ناویانمان هێنا , بۆ سەر پاولۆس دیسانەوە بۆ هێزی بەهائامێزی و ئەو ڕوانبێژی و فەلسەفە ئاینییە دەگەڕێتەوە لە نامەکانی پاولۆس دا پەنهانن. بەلام ئەمە مانای ئەوە نییە کە بۆچوونی قووتابخانەیی جیا جیا بۆ نامە و فێربوونەکانی نەبێ. مەبەست, گشت ئاڕاستە کلیسەیەکان (ئارتەدۆکس , پڕۆتستانت و کاتۆلیک) وەک یەک تەماشای هزری ئاینی ئەم پیاوە ناکەن و لەسەر یەک ئاست دۆکترینە (عەقیدە) ئاینیەکانی ڕاڤەناکەن. بەواتایتر, بۆچوونی جیاجیا بۆ دیتنە ئاینیەکانی پاولۆس تابلێی هەیە چونکە ئەم پیاوە ئاینیە بۆ ڕووکردنەوەی ئەو دیتنەئاینییەی کە لە دواجاردا بووەبە پەناگای مەسیح دەکا بە بناغە و مەسیحیەتیش دەکا بە پالپشت ئەمەش لەسەرێترەوە کارێوادەکا بۆچوونەکانی وەکخۆی شوێنی ڕەزامەندی گشت تایفە و ئیتنێ نەبێ.

دواتر ئەوەی زێدەگرینگە لە ژیانی هزری ئاینی پاولۆس ئەوەیە پاولۆس کەسێ ئاینی تەقلیدی نەبووە و لە کونجی کلیسەکانا دانەنیشتووە بەلکو ئەم خواناسی و عیساناسیەکەی بەیەکتر تێکەلکردوە و بەهۆی گەڕان و سەفەرەکانیشەوە ئەوەی گەیاندوە. بگرە زۆرجاریش لەو گەڕان و سەفەرانەی دەردەسەری و مەینەتیێ زۆری چەشتووە بەلام هیچکات کۆلنیەداوە و لەسەر گەیاندنی پەیامەکەی هەر بەردەوامبووە. پەیامی ڕاستەقینەی ئەم کە ڕووکردنەوەی دۆکترینە (عەقیدە)کانی یسوس (عیسا) بووە بەلام ئەمە لەلایەن پاولۆسەوە ڕێگایێکیش بووە بۆ ڕوونکردنەوەی دانای, زانین و توانای خالق (یەزدان)یش. ئەو تێکەلکردنەش لە دانی مانا بە بوونی زانای و دانای لەلای عیسا و خالق لە نامەکانی (بۆنموونە لە نامە بۆ ڕۆمەرەکان) بە ڕوونی دیارە.

سەرباری ئەوی لایسەرەوە تایبەت بە پاولۆس ووترا ئەوەش دەلێین , عیسا (مەسیح) و پاولۆس لە ئەدەبیاتە تیۆلۆژیە هاوچەرخەکانا بەجۆرێ تەماشادەکرێن کە ئەم دوانە ڕاگری سەرەکی ئاینی مەسیحی بوونە.بەلام بۆ شیکردنەوەی ئەم لایەنە گەلێ ئارگومێنتی (بەلگە) جیاجیا بەکاردەبرێ و گشت ئارگومێنتێکیش کار بۆ ڕاڤەکردنی لایەنێکی ئەم مەسەلەیە دەکا.چونکە کەسێتی مەسیح و کەسێتی پاولۆس هەروەها دەربەدەری و دواتر شێوەی مردنی هەریەک لەم دوو کەسەش مانای خۆیان بۆ ڕوونکردنەوەی ئارگومێنتەکان هەیە. بەلام ئەوی کە دەشێ لە ڕیزی ئارگومێنتەکان وەک خالی جیاکارە ببینرێ ئەوەیە مەسیح بناغەدانەری مەسیحیەتە نەک پاولۆس و پاولۆسیش ڕوونکەرەوە و داکۆکیکەرە لە پەیامی مەسیحی. واتە مەسیح و پەیامەکەی نەبایە نە پاولۆس دەبوو نەش قووتابیەکانی مەسیح و دواتر پاولۆسیش.ئەمەو ئەوی پاولۆسی دروستکرد پەیام و شێوەی مردنەکەی مەسیحە چونکە شێوەی مردنەکەی مەسیح جۆرە ئەفسانەیەتێکی لەپاشخۆی جێهێشت کە دروستبونی پاولۆس شتێکی حەتمی بێ. ئەوەش کە زۆر سەیرە لەم بەینە ئەوەیە کە پاولۆس دەستیدایە بلاوکردنەوەی پەیامێ کە پێشتر تائەوپەڕی دژایەتیدەکرد. بەلام دوای ئەو ڕووداوەی دیمەشق پاولۆس سەرلەبەر بووبە بوونەوەرێ ئاینی تر و ڕۆلێ مەزنیشی لە بوژانەوەی باوەڕی ئاینی مەسیحی دی.